# سزای 15 ساڵ زیندانی بەسەر فرانس ڤان ئەنرانت درا کە گەورەترین سزایە لە دادگاکانی هۆڵەندا

## دادگا بەرەسمی پێشنیاری ئەوەی کردووە هەمان دادگاییکردنەکە بگوازرێتەوە عیراق بۆ دادگایکردنی سەددام و دارودەستەکەی

**دڵزار حەسەن**

دوای بەئاکام گەیشتنی دادگاییکردنی تاوانبار (فرانس ڤان ئەنرانت) کە بە تۆمەتی فرۆشتنی چەکی کیمیاوی بە رژێمی بەعس لە ساڵانی 1985-ەوە لەلایەن رێکخراوی (چاك) سكاڵای لەسەرتۆمارکراو دادگاش بە (15) پانزە ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاند(عەلی مەحمود) بەرپرسی رێکخراوەکە چەند رۆژێکە بۆ مەبەستی پتەوکردنی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ پەرلەمان و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گەڕاوەتەوە ..ئێمەش ئەم چاوپێکەوتنمان لەگەڵ سازدا.

سەرەتا بەرێزیان وتی: دوای پرۆسەی ئازادکردنی عیراق فرانس ڤان ئەنرانت کە گەڕایەوە هۆڵەندا یەکێك لە ئەندامانی رێکخراوی چاك کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی لەگەڵ سازکرد. دوای ئەو چاوپێکەوتنە ئێمە پەیوەندیمان بە پارتی سۆشیالیستی هۆڵەندا کرد کە چوارەم حیزبی هۆڵەندیە ئەوانیش بۆ رۆژی دوایی ئەم کێشەیان لە پەرلەمانی هۆڵەندی تەقاندەوە و ئێمەش کەوتینە دروستکردنی کۆمیتەیەك بۆ بە دادگایی گەیاندنی فرانس ڤان کە تاوانبارە بە فرۆشتن و گەیاندنی چەکی کیمیایی بە رژێمی بەعس کە لە ساڵانی 1985 تا 1988 ئەم کارانەی ئەنجامدابوو. نوێنەرێکی ئێمە کە ناوی "ئەمیر قادر" بوو بە سەربەریشتیاری کۆمیتەکە داندرا و ئەندام پەرلەمانێکی هۆڵەندی و چەند کەسایەتیەکی سیاسی هۆڵەندی و کوردێکی باکوور بوون بە ئەندامی کۆمیتەکە. ئێمەش پارێزەرمان بۆ ئەو مەبەستە گرت و ئەم کارەی ئێمەش بە پاڵپشتی و هاوکاری هیچ گروپ و هێزێکی سیاسی ناوەخۆ و دەرەوە نەبووە.هەر خۆمان خەریکی کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و شاهیدەکان بووین لەسەر فرانس ڤان ئەنرانت. کەسایەتیەکی سیاسی کوردیش کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی سۆشیالیستی هۆڵەندییە پێداگربوو لەسەر ئەوەی کە پێویستە بەڵگەی زیاتر کۆبکەینەوە بۆ بە دادگایی گەیاندنی تاوانبار..

ئەوە بوو ئێمەش هەر شتێك لەسەر جینۆسایدی کورد نووسرابوو کۆمان کردەوە و بۆ زمانی هۆڵەندی وەرمانگێراو خستمانە بەردەم دادگای هۆڵەندی خۆشبەختانەش دادگا زۆر درێژەی کێشا تا 2004/12/17 خرایە ژێر چاودێری حکومەتی هۆڵەندی چونکە بەنیازبوو ڕابکات. ئێمەش خۆمان دەپاراست لە چاوی راگەیاندن و رۆژنامەکان ئەمەش بۆ ئەوەی کە فرانس ڤان هەست بە ترسێکی زۆرنەکات و نەبادە ڕابکات ئەوە بوو لە سێیەم رۆژی خوولی دادگاییەکەدا دادوەری گشتی کۆمەڵێك شتی دەربارەی جینۆسایدی کورد خوێندەوە باسی تەعریب و ئەنفالی بارزانییەکان و فەیلیەکان وێرانکردنی دێهاتەکان و

ئۆردوگا زۆرە ملێیەکانی کورستان کرد. ئێمە زانیاری تەواومان سەبارەت بەو تاوانانەی رژێم خستبووە بەردەم دادەوەر. کە من ئەوکات لە ژووری دادگا بووم دادوەر بەشێوەیەکی یاسایی دانی بە تاوانی جینۆساید و ئەنفالکردنی کورد لەلایەن رژێمی بەعس دانا ئەو دانپێدانەی دادوەریش باشترین بەلگە بوو بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین فرانس ڤان بە سزای خۆی بگەیەنین. سەرەتا وامان هەست دەکرد ئەو دادگایە درێژە بکێشی یان سەرنەکەوێ بڕیاری دادگا بۆ چەند ساڵێك درێژە بکێشێت بەڵام دادگا بڕیاری (15) پانزە ساڵ زیندانی بەسەر تاوانبار چەسپاند..

دیارە ئەگەر ئەم دادگایە لە هۆڵەندە نەبوایە باوەڕمان نەبوو کە ئەو سزایە لەبەرامبەر تاوانبار دەرچووبایە چونکە دادگای هۆڵەندی کەش و هەوایەکی دیموکراسی هەبوو هەم بڕیارەکە ئازایانە بوو هەم دادوەر کەسێکی وورد بوو لە مامەڵەکردنی لەگەڵ بەلگەو دیکیۆمێنەکاتدا کە ئێمە خستبوومانە بەردەستی..

سەبارەت بە بڕیاری (15) ساڵ زیندانی بەڕێزیان وتی: ئەم مادده یاساییە سزایە لە دەستوری دادگاکانی هۆڵەندا نەبوو بەڵکو دادگای هۆڵەندا بە پاڵپشتی یاسا ی تاوانەکانی وڵاتانی دیکە بە نمونە رووەندا بەست بۆ چەسپاندنی سزای (15) ساڵ زیندانی بەسەر تاوانبار کە لە مێژووی هۆڵەندا نەبووە تاوانبارێك سزای (15) ساڵ زیندانی بەسەردا بچەسپێت. ..

حکومەتی هۆڵەندا و هاولاتیانی هۆڵەنداش لایەنگیری ئێمە بوون بۆ بە دادگایی گەیاندی ئەو تاوانبارە چونکە هاوڵاتیانی هۆڵەندە پێیان شتێکی ترسناك و خراپ بو کە چۆن هاوڵاتیەکی ئەوان هاوکاری رژێمێکی خوێنرێژی وەکو سەددام حوسێن بووە بۆ گەیاندنی چەکی کیمیایی بەو رژێمە بۆ لەناوبردنی میللەتی کورد. دیارە هەر دادوەری گشتی خۆیی سەردانی شاری سەردەشتی کوردستان کردووبوو ژنێك کەلە سەردەمی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دووگیان بووە و لەئەنجامدا منداڵەکەی بە کوێری لەدایکبووە دادوەر خۆی ئەم رووداوەی لە دەمی ژنەکەوە بیستووە و جگە لەمەش چەند رووداوێکی دیکەی سەبارەت بە ئەنفال بینیوە و بیستوە بۆیە لەکاتی بەسزایی گەیاندنی تاوانبار پشتی بەو بەڵگانە بەستوە. لەبارەی رێ و شوێنی دادگاکەش کە ئایا دەکرێت ئەم شێوازە دادگاییەکردنە بۆ بە گەیاندنی تاوانبارانی دیکەی جەنگ لە عیراق بەکاربهێنرێت بەڕێزیان وتی: بەڵێ ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین دادگای هۆڵەندی ئەو شێوازە داگاکاییکردنەی بە نووسراوێکی رەسمی پێشکەش بە دادگای باڵای دادگایکردنی تاوانبارانی رژێمی بەعس و سەددام و داروەستەکەی دەکات. بۆیە لێرەوە پێویستە ئێمەی کورد ببینە پاڵپشتی ئەو شێوازە دادگاییکردنە بۆ بە سزا گەیاندنی تاوانباران. سەبارەت بە کارو چالاکیان بۆ گەیاندنی تاوانبارانی دیکەی جەنگ لە عیراق لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەرپەسی رێکخراوی چاك وتی: ئێمە لەکارەکانی خۆمان نەوەستاوین بەردەوامین لەسەر کۆکردنەووەی بەڵگە لەسەر تاوانباران کە دەرهەق بە گەلی کوردیان کردووە بە نیازین بەو شێوازەی فرانس ڤان ئەنرانت کە چۆن بە سزای خۆی گەیەنرا بەو شێوەیە تاوانبارانی دیکە بە سزا بگەیەندرێن. لە

وەڵامی ئاخۆ چەند لەگەڵ دام و دەزگاکانی حکومەت و پەرلەمان پەیوەندیتان هەیە وتی: دیارە تەواوی ئەو شتانەمان بەتەنیا وەکو رێکخراوی چاك کردووە , بەلاَم خۆشحاڵ دەبین بەوەی کە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری ئێمە بکات. بۆیە لەرێگای رۆژنامەکەی ئێوەوە داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین بتوانین لە رێگای لیژنەی یاسایی پەرلەمانەوە هاوکاری یەکتر بین بۆ بەسزا گەیاندنی تاوانبارانی دیکە. چونکە رێکخراوی چاك هیچ کەسانێکی یاسایی لەگەڵدا نییە بۆیە پێویستمان بەوە دەبێت پارێزەرانی کوردستان و یاساناسانی نێو پەرلەمان هاوکاری یەکتربن بۆ سەرخستنی کارەکانمان. ئێستاش هاتووینەتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ پەرلەمان و دام و دەزگاکانی حکومەتی کوردستان تەنسیق بکەین بۆ چالاکتر کردنی کارەکانمان.